# رۆژی گەل ROJIGEL

هەفتەنامەیەکی سیاسییە حزبی رزگاریی کوردستان دەریدەکات

ئابی ٢٠٠٥ - گەلاوێژ ٢٧٠٥ ژمارە: ١٣٢


## لە رێپێوانی گەورەی جەماوەری کوردستاندا

# دەستور دەبێت مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان بسەلمێنێ



## رۆژەڤ

رژانە سەرشەقامەکان و بەرزکردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی جارێکی تر خواستی گەلی کورد بۆ ژیانێکی دوور لە بندەستی دوبارە دەکاتەوە، گەرچی لەم ئان و ساتەدا ئەو رێپێوانە بەوە لێکدەدرێتەوە، کە کارتێکی فشار بێت و کورد بۆ دارشتنەوەی دەستور سودی لێوەربگرێت، مافەکانی وەك سنوری کوردستان و جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ بسەلمێنێ، بەلاّم دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە لەو رێپێوانە جەماوەری کوردستان زۆر بەراشکاوانەو دوور لەهەر گەمەیەکی سیاسی خواستی خۆی بۆ سەربەخۆ بوون و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دوبارە کردەوە، لەم کاتوساتەشدا کە لە بەغدا چەندین ناوەندی عەرەبی شیعی و بەتایبەتی سونەی عەرەب دژی خواستەکانی گەلی کورد کاردەکەن و دەیانەوێت جارێکی تر برا بچوك و پلەدوو بین ئەم رێپێوانە وەلاّمێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەو دەنگانەو دەیسەلمێنێ گەلی کوردستان توانای جولاّندنیان هەیەو دەتوانن دەنگی خۆیان بسەپێنن بەسەر ئەو دەنگە نەشازانەی شۆڤێنی هەرەبی.

هەروەها بەرجەستەکردنی ئیدارەیەکی ناوخۆییە کە دەتونێت، ئاراستەکانی بگۆرێ و لە ژیانی سیاسی و چارەنووسدا بەشداری راستەقینە بکات... رۆژانە گوێ بیستی ئەو هەولاّنە دەبین کە خوازیاری کەمکردنەوەی مافی کورد دەداتو بەهەر هۆکارێك، لەم وێستگە چارەنوسسازەدا جارێکی تر دەیلێینەوە مەرج نیە، کە مافەکانمان لەدەستوردا سەلمێنرا ئیتر لەسەر زەمینی پراکتیکیشدا هەر بەو جۆرە بێت، چونکە چەندین دەستورمان بینی هەر مەرەکەبی سەر کاغەز بوون، نابێ بیرمان بچێتەوە کە تا ئەوپەری دەرفەت دەبێ بۆسەربەخۆیی کاربکەین نەك مانەوە لە چوارچێوەی عێراقێك دەنگێکی راستەقینەی تیا نەبێت داوای دانانی مادەیەك بکات بۆ کورد کە لە ئایندەدا مافی خۆی هەبێت، چارەنوسی خۆی دیاری بکات و برپاربدات کە سەربەخۆبونی جار بدات، کەبێ ئەو مادەیە دەستور هیچ مانایەکی نیەو ناتوانین کەمترین متمانە بە عەرەبی شیعەو سونە بکەین.

رۆژی ٢٠٠٥/٨/١٤ لەشارو ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و دهۆك و شەقلاوە و ئاکرێ و چەندین شوێنی تر بەهەزاران کەس بە بانگەوازی بزوتنەوەی ریفراندۆم رژانە سەر شەقامەکان و داوای چەسپاندنی مافی چارەنوسیان بۆ گەلی کوردستان کرد لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، ئەندامێکی رێکخەرەی رێپێوانەکە لە سلێمانی بەرۆژنامەکەمانی رایگەیاند کە لەم ساتانەدا کە مقۆمقۆی دارشتنەوەی دەستورە پێویستە هەموو لایەك بزانی کە گەلی کوردستان بەدەستورێك رازی نابێت تیایدا مافی دیاریکردنی چارەنوس بزر بێت، هاولاّتیەکی تر لەوەلاّمی پرسیارێکی رۆژنامەکەماندا وتی:

ئەم رێپێوانە ئاراستەکردنی نامەیەکە بۆ ئەوانیتر کە لەکاتی دارشتنەوەی دەستوردا مافە بنچینیەکانی گەلی کورد لەبەرچاو بگرن و چیتر نابێت بەچاویلکەی شوڤێنی عەرەبی سەربری کێشەکەمان بکرێت، شایانی باسە ناوەندە جیاجیاکان کەلە رێپێوانەکەدا بەشداربوون دەیان دروشمیان بەرزکردبۆوە کە سەبارەت بەسنوری کوردستان و جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ بوو، ئاژانسەکانی هەواڵ رایانگەیاند کە لەشاری کەرکوك ژمارەیەکی زۆر ئافرەت بەشداری لە رێپێوانەکە کردووەو دروشمەکانی وەك جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ سنوری کوردستان و دانانی مادەیەك لە دەستور کە مافی دیاریکردنی چارەنوسی بۆ گەلی کوردستان بسەلمێنێ.. هەروەها لەم رێپێوانەدا ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی و عەرەبیو بیانی ئامادەبوون و بەشێوەیەکی بەربلاّو نمایشکرا.

## لەلایەن ناوەندە تورکیە شۆڤێنیەکانەوە

## رەخنەی توند لە ئەردۆغان دەگرێت



سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان ئەو بەڵێنەی کە بە رۆشنبیرانی تورکی دابوو بەجێ‌هێنا و لەگەڵ وەفدێکی گەورەدا سەردانی شاری دیار بەکری کرد، بەلاّم لەلایەن کوردەوە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا، لەو دیمانەیەدا ئەردۆغان بەرەسمی دانی بەبونی کێشەی کوردا ناو رایگەیاند کە حکومەتەکانی پێشوو هەڵەی سیاسی و ئیداری گەورەیان بەرامبەر ئەو ناوچانە کردووە کە زۆرینەی کوردە، بەڵێنیشیدا کە لە ئایندەدا کرانەوەو دیموکراتی زیاتر بەرقەرار بکرێت و ئاستی بژێوی بەرزبکرێتەوە، چاودێرەکان لایان وابوو کە ئەم سەردانە سەرنجی کورد رادەکێشیو ملیۆنەها کەس بەپیریەوە دەچێت، بەلاّم تەنیا ٦٠٠ کەس هاتبون بۆ گوێ گرتن، ژمارەی پاسەوان و سەربازانی ئاسایش زۆر لەوان زیاتر بوو، لەم بارەیەوە پرسیار لە سەرۆکی شارەوانی کرا ئەویش لەوەلاّمدا وتی:

ئێمە چاوەڕوانی هەنگاوی ئیجابین لە حکومەت، ئەگەر بەڕاستی جێبەجێ بکرێن ئەوا ئێمە بە ملیۆنەها کەس بێشوازی دەکەین، لەلایەکی تر ئەم سەردانەی ئەردۆغان بۆ دیاربەکرو دان نانی بەکێشەی کورد حزبە نەیارەکانی تورکیای نێگەران کرد، ئەندامێکی بەرزی پارتی گەلی کۆماری تورکیا هەنگاوی ئەردۆغانی بەوە لێکدایەوە کە تورکیا بۆ ساڵەکانی هەشتاکان دەگێرێتەوە، سەرۆکی پارتی نیشتمانی دایك ئەرکان مەمجو رایگەیاند کە دانان بەکێشەی کورد تورکیا دەخاتە تەڵەزگەی جیابوونەوە، لەئایندە زیان لە تورکیا دەدات.

## برووسکەی پیرۆزبایی

بەرێز کاک مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەرێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان

سلاّوی رزگاریی و سەربەخۆبوونتان لێ بێت

لە پێوەندی ئەنجاونۆهەمین دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەناوی خۆم و بەناوی مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانەوە، گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی لەئێوەی بەرێز دەکەم لەرێگەی ئێوەشەوە سلاّو و پیرۆزبایی رزگاری پێشکەش بە ئەندامان و لایەنگرانی پارتە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و دەخوازین لە پێناو زیاتر خزمەتکردنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان هەرکات سەرفراز و سەرکەوتووبن.

بەرێزان ئەمساڵ لەکاتێکدا ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێتەوە کە خۆشبەختانە تا رادەی ئومێد بەخش نێومالّی کوردەواری رێکخراوەتەوە و یەکریزی و هاوهەنگی نێوان لایەنە سیاسیەکانی باشوری کوردستان هاتۆتە ئاراوە.

لەدوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش جەماوەری تینوی ئازادی و سەربەخۆیی چاوەروانی بەرهەمو دەستکەوتی گەورەتر دەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە کوردستان و عێراق بە قۆناغێکی زۆر هەستیارو چارەنوسسازدا تێپەردەبن. دۆستو دوژمن بە وردبینییەوە لە رەوشی گۆرانکاریو پێشهاتەکانی داهاتوودا دەروانن و لێکدانەوەی تایبەتیان بۆ دەکەن. بۆ سەرخستنی کێشەی رەوای گەلەکەمان، ئەرکی سەر شانی هەموو رێکخراوە سیاسیو فەرهەنگی و کۆمەلاّیەتیەکانی کوردستانە کە بەکراوەترو هاوچەرخانەتر رەفتار لەگەڵ گۆرانکاریەکاندا بکەن و پێوەندی لەگەڵ جەماوەر توندو بەهێزتر بکەن.

ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە کە پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان بکات و بۆ وەدەستهێنانی تەواوی ماف و خواستە نەتەوەییەکانی دیکە پشتیوانی لە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا بکات. ئێمە لە حزبی رزگاریی هیواخوازین کە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکرێت بە رۆژی پتەوکردنی ریزەکانی نێوان سیاسیەکان و قوڵکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا.

لەکۆتایدا جارێکی دیکەش سلاّو و پیرۆزبایی دووپات دەکەینەوە و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاترتان بۆ بە ئاوات دەخوازین

رێکار ئەحمەد

سکرتێری حزبی رزگاریی کوردستان

٢٠٠٥/٨/١٤

## بروسکەی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە بۆنەی ١٣ یەمین ساڵەی دامەزراندنی حزبی رزگاری کوردستان

سلاّوێکی گەرم

لەیادی ١٣ ساڵەی راگەیاندنی حزبی تێکۆشەرەکەتاندا ( حزبی رزگاری کوردستان ) گەرمترین سلاّو و پیرۆزبایی خۆمانتان ئاراستە ئەکەین، بەو ئومێدەی کە ئەم یادە هاندەرێکیتر بێت لە بۆ پێشەوەچوونی خەباتی حزبە تێکۆشەرەکەتان لە پێناوگەیشتنی گەلەکەمان بەرزگاری‌وسەربەخۆیی.

بەرێزان: یادی راگەیاندنی حزبی رزگاریکوردستان لەکاتێکدایە کەگەلی کوردستان و سەرجەم هێزە سیاسییەکانی لەبەردەم ئەرکێکی قورسدان، بۆیە لەسەر هەموو لایەك پێویستە بێگوێدانە هەرچی بەرژەوەندی تایبەتیو حزبیو حکومی زۆر بەوریایانە پێداگری بکەن لە پرۆسەی دانانی دەستوری هەمیشەییودیارکردنی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان کەلەئێستادا خۆی لەچەسپاندنی فیدرالیزم لەسەر بنچینەی مێژوویی‌و جوگرافی‌و نەهێشتنی هەرچی کێشە هەڵواسراوەکانی کەرکوك و ناوچەکانی‌تری کوردستان کەتائێستا نەخراوەتەسەر هەرێمی کوردستان خۆی دەبینێتەوە، هەروەکو لەئەزمونی ئەم چەند ساڵەی دواییو بەتایبەتیش چەند مانگی رابردوو سەلماندی کە تەواو کردن و بەئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکانە بەبێ یەکریزی گەل و بەبێبوونی پشتیوانیو هاوکاری هێزە سیاسی‌یەکان لەناو خۆیاندا تەواو ناکرێن. لەکۆتاییدا دووبارە پیرۆزبا یمان بۆ ئەم یادە بەدەرفەت دەبینین کەلەسەر پەیوەندی دۆستانەی نێوا نمان جەخت بکەینەوە.

لەگەڵ ئەو پەری رێزماندا

مەکتەبی سیاسیحیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

## بروسکەی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی نەتەوەیی کوردستان بە بۆنەی ١٣ یەمین ساڵەی دامەزراندنی حزبی رزگاری کوردستان

سلاّوی کارو خەبات

بەناوی مەکتەبی سیاسی پارتی نەتەوەیی کوردستان، پیرۆزباییەکی گەرمتان ئاراستە دەکەین بەبۆنەی ١٣ یەمین سالرۆژی دامەزراندنی حزبە تێکۆشەرەکەتان حزبی رزگاری کوردستان.

ئێمە لە پارتی نەتەوەیی کوردستانەوە ئومێدی سەرکەوتن و گەشەکردنی حزبی رزگاری دەخوازین کەبە هاوپە یمانی ستراتیژی خۆمان دەزانین و هەردوولا لەسەر بنەمای بڕوابوون بە سەربەخۆیی کوردستان هاوکارو هەماهەنگ.

هیوادارین ئەم یادەتان برەوی زیاترتان پێبدات ببێتە مایەی پتەوبوونی نێوان حزبتان و سەرجەم لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان بەگشتیو پارتی نەتەوەیی کوردستان بەتابەتی، جارێکیتر پیرۆزبێت.

مەکتەبی سیاسی پارتی نەتەوەیی کوردستان